K.1

ناوی کتێب : پڕۆگرامی ئەوتۆکادی ٢٠٠٧
نووسین و ئامادەکردنی: إکرام هادی
شوێنی چاپ : سلێمانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم
شوینی بڵاوکردنەوە : نێوەندی ئارام
نرخی کتێب : تەنها پێنج هەزاردینارە
بۆدەست کەوتنی ئەمپەرتوکەپەیوەندی بکەبەنێوەندی ئارامەوە
ئاسیا ١٩١٨٥٦٥ سانا ١٢٤١٥١٨
کاری کۆمپیوتەر : ئامادەکار — نێوەندی ئارام

Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

شتێکی سەرسوڕهێنەرە بیر بکەیتەوە ئەوتۆکاد بیست ساڵ لەمەوبەر هاتە بوونەوە، لە سەردەمێکدا کە خەڵک وایان بیر ئەکردەوە کە کۆمپیوتەرە تاکەکەسییەکان توانای ئەنجامدانی ئیشی پیشەسازی وەکو CAD یان نییە. (CAD کورتکراوەیە بۆ Computer-Aided Drafting – واتە نووسینی ڕەشنووس بە یارمەتی کۆمپیوتەر، هەروەها واتە Computer-Aided Design – واتە تەسمیم کردن بە یارمەتی کۆمپیوتەر، واتاکە بەپێی ئەو کەسە ئەگۆڕێت کە قسەی لەگەڵدا ئەکەیت). شتێکی سەرسوڕهێنەرە بیربکەیتەوە، کە دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە لەدایک بوونی، ئەوتۆکاد هەر بە پاشای CAD ماوەتەوە. چەندین پرۆگرام هەوڵی کێبڕکێکردنی ئەتۆکادیان داوە و سەرکەوتوو نەبوون.

لەگەڵ بەتەمەن بوونیدا، ئەتۆکاد گەشەی سەندووە بەرەو پێکهاتەی زیاتر، بۆ ئەوەی توانای ئەنجامدانی ئەو کردارانەی هەبێت کە بۆی دروست کراوە. هەر ئەوە بەس نییە هێڵی جوان بکێشیت. ئەگەر ئەتەوێت یاری بە CAD بکەیت لەگەڵ کوڕ و کچە گەورەکاندا، پێویستت بەوە هەیە ئەو ئۆبجێکاتە ڕێک بخەیت کە ئەیان کێشیت، سیفاتەکانیان، لەگەڵ ئەو فایلانەی کە تیایدا دەمێننەوە بەشێوەی گونجاو.

ئەوتۆکادی ٢٠٠٧ ئامرازەکانت دەخاتە بەردەست بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارانە، بەڵام هەمیشە ئاسان نییە بزانیت چ چەکوشێک هەڵبگریت و یەکەم جار بیکێشیت بە چ بزمارێکدا. لەگەڵ ئەم کتێبەدا، هەڵێکی شارەزت لەبەردەستدایە بۆ دروستکردنی وێنەکانت بەشێوەیەک کە پێشکەشکردن و بەکارهێنان و چاپکردن و گواستنەوەیان کارێکی ئاسان بێت.

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

ئایکۆنە بەکارهێنراوەکانی ناو ئەم کتێبە



ئەم ئایکۆنە پێت ئەڵێ کە لێرەدا بیرۆکەیەکت پیشان ئەدرێت کە دەتوانێت کات و کێشەی زۆرت لەکۆڵ بکاتەوە لەکاتی بەکارهێنانی ئەوتۆکاددا. لە زۆر حاڵەتدا، پاراگرافی ئامۆژگارییەکان وەکو ڕەحەتییەک وان لەسەر توانا سەرسوڕهێنەر و هەندێک جار سەروزیادەکانی ئەوتۆکاد، دوای ئەوەی کە هەموو ئەو ڕێگایانەت پیشان ئەدەین کە ئەتوانیت ئیشێک بکەیت، پێت ئەڵێین باشترین ڕێگا کامەیە بۆ ئەنجامدانی ئیشەکە.



ئایکۆنی "بابەتی تەکنیکی" ئەو شوێنانەت پیشان ئەدات کە تیایدا بە قوونڵی باسی ئیشەکانی ناوەوەی ئەوتۆکاد ئەکەین، واتە زۆرجار بابەتەکە شتێکە کە زۆربەی بەکارهێنەران پێویستیان پێی نییە. تۆ پێویست ناکات ئەم پاراگرافانە یەکەم جاری خوێندنەوەی کتێبە بیان خوێنیتەوە، لەبەر ئەمە هەرکاتێک کە گەیشتیتە یەکێکیان و بەئاسانی تێ نەگەشتیت، ئەتوانیت تێی بپەڕێنیت.



ئەم ئایکۆنە پێت ئەڵێ چۆن لە کێشە بەدوور بیت کاتێک لە خەریکی ئیشێکی گرنگیت. ئەگەر گرنگی بە ئاگادارییەکە نەدەیت لەوانەیە خۆت و وێنەکەت تووشی بەسەرهاتی ناخۆش بین.



کاتێک ئەوتۆکات بەکاردێنیت شتی زۆر هەن کە ئەبێت لەبیرت بن، لەبەر ئەمە ئێمە بە بیرماندا هات کە بیرت بخەینەوە دەربارەی ئەو شتانەی کە دەبێت لەبیرت بن. ئەم پاراگرافانە بە گشتی باسی خاڵێکی گرنگ ئەکەن کە پێشتر باسی لێکراوە. لەبەر ئەمە، ئەگەر تۆ لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی کتێبەکە ئەخوێنیتەوە، ئەم ئایکۆنە وەکو بیرخەرەوەیەکی باش وایە بۆت. ئەگەریش بە ڕیز ناخوێنیتەوە، ئەم ئایکۆنە پێت ئەڵێت کە پێویستە بابەتی پاراگرافەکە بە باشی تێ بگەیت و ئەگەر پێویستی کرد، بگەڕێیتەوە بۆ پێشەوەی کتێبەکە کە بابەتەکەی تێدا باس کراوە.



ئەم ئایکۆنە شتی تازەی ئەوتۆکادی ٢٠٠٧ ت پیشان ئەدات. ئەم ئایکۆنە بەزۆری بۆ ئەوانەتان دانراوە کە لە قۆڕژنێکی پێشووی ئەوتۆکاددا ئیشتان کردوە و ئەتانەوێت ئاگاداری تازەکارییەکانی ئەوتۆکادی ٢٠٠٧ بن.

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library